# چەن لاپەرە لە دەفتەری رۆژانەم

چاپی یەکەمی ئەم کومەلە شیعرە لە سالی ۱۹۹۱ لە سلیمانی لە ژیر ناوی "چەن لاپەرە لە دەفتەری بەر باخەل" پیشکەش کراوە.

ناوەروک لاپەرە

١_ چەن لاپەرە لە دەفتەری روژانەم........................ ٥
٢_ چ بەستە زمانە ئازادی..................................... ١٨
٣_ شاژن ........................................................ ١٩
٤_ هەلەبجە....................................................... ٢١
٥_ عەفوو!!........................................................ ٢٥
٦_ حەقتان چی یە ............................................. ٢٨
٧_ قەلادزی ....................................................... ٣٠
٨_ شەهید........................................................... ٣٢
٩_ نەفرەت ........................................................ ٣٣
١٠_ جەنازە ....................................................... ٣٤
١١_ هەرزانی ..................................................... ٣٥

# چەن لاپەرە لە دەفتەری رۆژانەم

(١)

سالەهایە
هەرەشـــەی چاوی چاوەشیان
دەرگای زیندان
ژووری ئیعدام
نەگبەتی لە برسان ئینسانکوژی مەرگ و نەمان
بەرەو رووی خەنجەری نیگام
دەکاتەوە...
نیوەی چەقوی ئەم جیهانەش
چلەی زستانی جەهەننەم
داباریـن و...
باری برین، باری جەنازە و ویرانی
باری گرانتر لە گران...

١ ی ٩١

(٢١)

گویم وا پربوو لە نرکە و نالەی بومباران
کپ مایەوە
لە هاوار و هانای هاوپشتی هاومالان
ـ هاوزنجیرانی ژێر چەقوکانی جیهان ـ

٢ ی ٩١

(٣)

شـەویکی مارس،
چاوم چـەواشەی ئەستیرەی کاروانکوژە،
بەرگی خودای شـــەرم لە بەر
روچووم بە رەشـی چالاوی زیندان و زیللەت و مـەرگا
لە دیواران
بوومە تریشقەی رووخینەر
پەنجەرە و دەرگا و دەروازەم لە کازیوە خستە سەرپشت
چـــاوەروانی کازیوە بووم...
تومـەس هەمان کاروانکوژە
سەرووی ئاسـوی لیگرتبووم!

٣ی ٩١

(٤)

هاوارم کرد:
**٣٥**سـەعات کار، ئازادی...
وتـم شـوورا، شـــوورا دلە
دلی لیدەر،
با لە کارگا و مەعمەلەوە
بە ڕەگاورەگی کولان و جادە و گەرەک و مەیدانا
گەشـــی و خوشـــی بخاتە گەر...

بەلام هەیهات...
زنجیری پیی ئازادی‌مان نەپچرابوو،
شـــوورا پەساپورتی نەبوو،
تلیاک بوو، قاچاخ کرابوو!

**٣ی ٩١**

## (٥)

چاوم گلوفت...
دیسان چاوشی نیشتمان!!...
ئەمجارە چوغەی لەبەرە!
دیسان دەستی دریژ دەکا
نیزەی برژانگم بشکینی،
بو چاوەزار
زەهری روانینم بستینی...
ئەمیش لە نیگای چاوی‌دا
سیبەری نەردەی زیندان و داری ئیعدام،
نەگبەتی و مەرگ و برسیەتی
دەپەرچینیتە بەر نیگام!
ئەمیش دەست دینی برژانگی خەنجەرئاسا و
بەرگی مارسم لی دارنی.
ئەمیش دەستی کردە پەرژین
دەستم نەگاتە نەگبەتی بیخنکینی...

٣ ی ٩١

(٦)

نەگبەتی لە دەستم خەلەست،
سواری با-رەش بوو هاتەوە...
............
هاتن...
چون دەعبا دی، ئاوا!
دەعبای چی؟ کام وەحش؟ کام دەعبا؟
ژین لای ئاوا بی قیمەتە؟!

مەرگ هەرزان...
نەک هەرزان، مەرگباران بوو!
ئەوەی لە شوینی جی دەما،
بەس نەمان بوو!

٤ ی ٩١

(٧)

لەو گەرمەی مەرگبارانا
گەلای داران
لە بەرچاوم
چەن بیعار و کەمتەرخەم بوون!
- چلون دلتان دی دەپشکوون؟

- خەجالەت بی پیرەمیژوو!!
تاکەی هەروا بنیینە سەر زکی برسی،
دەستیماندوو؟

خەجالەت بن، دار و درەخت و تافگەکان!
"تافگە"ی من چاوی لیک ناوە...
کاتیک ئاخرماچیشم کرد
جوابی ماچەکەی نەداوە...

۴ ی ۹۱

(٨)

کاروانکوژە،
باری گرانی هەرەسی
ئەخاتە سەرشانی من و
وەک عادەتی جارانیشی
گورانی بە مەینەتەکانم هەلدەلی!
من ژان، من مەرگ میوانمە،
ئەو دەلی پیوقەدەم خیر بوو!!
...............

بارانی رەش...
چما چارەنووس دەباری...
شەوەزەنگ زرینگایەوە،
شەو دیسان شەوگاری دەبی...

٤ ی ٩١

(٩)

"حاجی بووش"، هاتووی چی بکەی؟!
ئاوی حەیاتت بو ئاوارەییم پی‌یە،
دەربەدەریم ئەبەدی کـــەی؟!

پیشــتر پی‌یان وتی "گەو هوم"(١)
ئیمە لەویش هەین
لەویش هەر ریگات نادەین!

زنجیرکەرانی دنیای دیل!
تەفروتوون بن لە دنیامان، با ئازاد بین
"گەو بەک توو هیل!!" (٢)

٤ ی ٩١

---

(١) - "گەو هوم": بو دەرەوە!
(٢) - "گەو بەک تو هیل": برو جەهەننەمت لی پر بیت!

(١٠)

چاوەشەکان،
چوغە لە بەر
چاوەشەکان،
پوستال لە پی
موکەبەرەیان هەلگرت و
بە جادەکانا کەوتنە ری
پەیمانیان بو مەرگ و زیندان نوی کردەوە
دەستلەملان
بوون
با-رەش و
کاروانکوژە...

۴ ی ۹۱

(١١)

دەبا منیش
چنگ بە کاکولی خوای ئەم جیهانەی مەینەتدا کەم
تا گەوزاندن!

دەبا منیش
ویرای ئیوە
مەعمەلەکان بخەوینم
چنگ بە گەرووی قازانجپەرستییاندا کەم
تا تاساندن!
دەبا منیش
دەستانی ئاوەدانکەرم
بە ژیر دەستی ویرانکەراندا دەم
تا ویرانی ویرانکردن!

کارم دەوی!
نانم دەوی!

دەستبەرداری ئازادی بــــم؟؟
کاکولـیــان دەکیـشـمـە نــاوخــول!
کازیوەی بـــەیــــانم دەوی!

**5** ی ۹۱

(١٢)

یـەکی ئـەیــار،
مــن و بەهــار
ئالای سوور و دەشــتــی ســەوزی
ئاســمان و ئەرزمان ئـەرازان...
................
بــا چــاوەشــەکانی دنیاش
زیندان و زنجیر بریـــســــن
هەربینا شـــان و بـــالامـــان
ســـەردەرگای گشـــت
زیندانەکانی
هـــەلـتـــەکان!

٥ ی ٩١

# چ بەستە زمانە ئازادی

چ بەستە زمانە ئازادی!
زمان بەستراو و بەستە زمانە ئازادی!
ئەگینا
گەر
زمانی ئازاد گەرابا
دوو تفی دەکردە ناوچاو ئەربابانی ئەم دنیایە
کە میدالیای ئازادی ئەدەن لە سینگی
شوارتسکوف و کولین پاول! (١)

٦ ی ٩١

*

(١) ــ دو ژەنرالی ئامریکایی کە بەشداری شەری کەنداو بوون.

# شاژن

دنـیا چی بە سـەر هاتووە!؟
لە کوێن کارگەرانی چاپ و مەعدەنکاران،
وا شـاژن دێتەوە مەیدان؟؟

جاری جاران،
شـاژنی بریتانیایان
حەفتاوحەوت کون دەشـاردەوە
تا من و تو
ئەم یادگارە نەنگینەی گەندەڵپەرسـتی سـەرمایە
نـەبینین و
پێیان نەڵێین:
مـاڵـی گەندەڵیتان ویران
ئاخری سـەدەی بیسـتەم و
شـایەتی و شـاژن ڕاگرتن!؟

بەڵام ئێستا،
دنیا چـی بەسـەرهاتووە؟!

شـاژن و سـەگانی پولیس
لە بریتانیای مەعدەنکاران و چاپچی‌یەکان
بــە ئاشکرا و ڕوژی ڕووناک
دینە مەیدان و جادەکان
بـو دلدانەوەی سەربازان!!

٧ ی ٩١

# هه‌له‌بجه

... نـان بـه روبعیک،
چوار چـه‌پک نان به دیناریک...
... نـان بـه روبعیک،
چوار چه‌پک نان به دیناریک...

ـ فاتم روله فایده‌ی نیـــه...
گیانی دایکی
سـبـه‌ینی
ئه‌چین بو مه‌عمه‌ل...

ئه‌و روژه من،
لقیک پیاز چی‌یه نه‌م‌دیبوو،
نه‌م جنیبوو،
سه‌رم سورمابوو ئه‌و بونی پیازه چی بوو؟؟
ده‌ستم له شـــوردن داشـــوری و
"ئاواره"م به کولم دا دا و...
(دوایی ناوم نا "ئاواره"، سـی روژه بوو)
تـه‌مـاشام کرد،
هه‌لات_هه‌لاتیک بوو شار، مـه‌پرســه!

کی بروای ئەکرد؟
هاومالیش هیشتا چاوی نەدەگلوفت...
بونی سیو بوو؟؟
سووتانی چاو؟؟
نەء، تو بلی دەرخونەیەکی پولایین بوو
ئاسمان!
بلی بارانی تاعوونی و
توفانی هیلنج و کوکە...
بلی هەوری کونکریتی
بارانی تاعوونی باران!
ئەو تاعوونەی ناویشی چووبووە کورکورەی ئاشی میژوو،
ئیستا لە من
وەک هیروشیما و داخائو
زیندوو
سەری هەلینابوو!!
... جەژنانە بوو؟؟
جەژنانەی روژی کومونە؟
یان بەرە_جەژنانی نەوروز؟!

هاوار بە مالم... چون بیلیم!؟
............
... بە ساقە ئامان نەکەوی،
"ئاوارە" گیان

سـووک بـی ئازارت نەگاتی...
... چەن کورپەی نـاز،
بە باوەشـەوە، یان تەریک،
سـووتـاو، خنـکـاو، رەش_هەلگەراو...
سـەعاتـی مەچـەک دەگەرا
بەلام دلی خاوەن سـەعات
بی چرکە و ترپە راوەستاو...
چـەن جەنازە؟؟
جا ژماردنی هەلئەگرت؟

پرپری مال و شـەقام و جادەی شاریـک
شاریـک شەهیدبوو بە جاریـک!!
...............
حـەددی چییە گرینیکا؟! (١)
قەقنەسـەکەی گرینیکا،
لە خولەمیشییەوە دیسـان
کەوی خوخور بوو ئەی قاسپان
لیرە بەلام،
لە ناو جەنازەکانا من
کەویکیشم دی
کەویکی خال و میل دار...
قاسپەکەری هاوخالانی
بەرەو سـەرکانی کەوکوژان!

بەرەو هەرەس و
جار لە دوای جار هەلوەشان!!
ئەمجارەش بو
زەلکاوی ئاوا پر ژار و
ئازار و ژان...
گرینیکای چی؟...
ئەمجارە،
ئیتر فاتم و ئاوارە
جوابی قاسپەی خوخورانەی نادەنەوە
راوچی تاعوونی _ هەرچی بی _
کاکولی بو ناو خولەمیش
دادیننەوە!

۴ ی ۸۸

---

(۱) _ گرینیکا: ئاوایی یەک لە سپانیا کە لە سالی **۱۹۳٦** لە کاتی شەری ناوخویی دا لە لایەن فاشیستەکانەوە سووتینرا.

# عەفوو!!

هەموو رۆژێک،
ئێوارانە
گەرم وگوڕ، چەک و ڕەخت بەستوو
شریخە وشاخەی پێکەنین
بن دەست و کیف پڕ لە نانی گەرم وتازە
بۆ دەماخی هۆزی بەشمەینەت وهەژار
پڕ لە شیعری کەللەتەزین
بۆ هەست وهۆشی لەشکری بەرینی کار
پڕ لە نووسراوی تەم ڕەوین
لە سەر ڕێگای هەنگاوی چینی کرێکار
بەڵێ، هەموو ڕۆژێک ئاوا
لەم ئاگربارانی شەڕا
خۆمان ئەکردەوە بە نێو ئۆردووگادا:
ـ دەنگی شۆڕش
دەنگی حیزبی کۆمونیستە و
... هەر گرمەی دی
تاکوو ڕۆژێک،

رۆژێکی خەزان_بەهار بوو...
... لە ئاسمانی بێگەردەوە
زەهر باری!!
هەوری مەرگ
بە گەردەلوولی زەهراوی
لە سەر شاخەکان دابەزی
... بە هەنگاوی
قورس
ئاستەم
لوولی دول بوو
تفیکی زەهراویشی کرد لە نیوچاوی گەشی کانی
..................

جەنازەکانم هێشتاکوو نە ژماردبوو
نرکاندم:
هەی زبلی مێژوو!!
گوتی:
سەهوم کردوە، عەفوو!
گوتم:
ئێمەش
رۆژێک ئەبێ

وەک ڕۆژەکانی ئۆکتۆبر
ـ تەخت وبەختی تزاریمان
چۆن هەڵتەکان ـ
تۆش دەنێرین
بەرەو زبڵدانی مێژوو
ئەوجار نۆرەی ئێمە دەبێ
بڵێین:
ـ عەفوو!

٦ ی ٨٨

# حەقتان چی یە

حەقتان چی‌یە، باسی هەڵەبجەی من ئەکەن؟!
لە ئیوە بوو منالبەکول؟؟
لە ئیوە بوو دەستی ماندوو؟؟
ئەو کەسەی دەستی کەفاوی
لە نیو تەشتی قاپ و کەوچک شورین‌دا بوو،
لە ئیوە بوو؟؟
لە ئیوە بوو
منالی مەمکی دایک‌مژ؟؟

ئیوە خو دەمیک بوو وەتەن
نیشتمانتان
سەروەت و دین و ئیمانتان
نابووە ناو کیفەکانتان
یان سندووقی پشت سەیارە و
تی‌تان قووچاندبوو
شارتان
جی هیشتبوو!!

حەقتان چی‌یە
تەرمەکانمان
ئەنینە سەر یەک و ئەیبەن
لە بازاری بومبافروشەکانا وا
ئەیدەنە بەر داری حەرراج؟!

حەقتان چی‌یە
تەرمی من ئەکەنە پەیژە
بەرە و لووتکەی دەسەلاتتان؟!

حەقتان چی‌یە
لە پشت جەنازەکانمەوە
حەشار ئەگرن
تا گردانیکی‌تر لە ستەم
لە تەنووری چەوسانەوە
لە جەهەننەم
تاو بدەنەوە بو گیانم!!
ناماقوولتان کرد،
ناهیلم!
بەسیە ئیتر!!

٦ ی ٨٨

# قەلادزی

ئاخێک بە قەد شەوی پاییز
بە قەد ڕۆژانی بێکاریم
درێژ
بە قەد
ڕیزی زیلی سەرجادەکان
کە هاتن و
دەستیان کرد بـە جەرگی شارا
چی‌یان نەکرد،
چی‌یان نەکرد!؟

ئێستا نەک دێ، شار دائەگرن!!

_ ئەم لیفە شرەم تا ئێستا ٣ دینار کرێی بردووە!
_ ئەم کوچمە کوچی حەوتەممە
_ شەشمان بە هەڵدێرانی گەڵابەی سەر پردەکە
تیداچون و
دوو مندالمان
بوون بە ژێر دیوارێکەوە!

ئاوی پشت سەددەکەی دووکان
چەندە مەندە
ئاخو
چ ئاخیک لە ناخیدا پەنگابی
کونکریتی سەد
خەریکە
پشتــی بشکی!

٦ ی ٨٨

# شه‌هید

قولچماخ هات
لوولەی ساردی دەمانچەکەی
ئاراستەی ناوچاوی دی کرد
دی ئەی روانی،
روانینی مەحکوومی ئیعدام
_ کە چاویشی نە بەسترابی _
شـاخەی دەمانچە و
هارژنی پەیکەری دی
هەر وەکوو گیانبەختکردوویەک
وەک درەختیک
شکایەوە (بەرهەمی رەنجی جەماوەر)
زیندەوەریکی شەهیدبوو
پەیکەری دی
لە خوینی توز و خولیدا
تلایەوە!

١٠ی ٨٨

# نەفرەت

شوفل، وەکوو سەگ ئەوەری
قەپی ئەکرد بە لارانی دیواری مالە هەژارا
دیوار،
هارژنی ئەکرد و
قەدقەد ئەشکا و
دائەرووخا
میچی تیکقرماو
رهیلی سەر ئەرز ئەبوو
دەتگوت پیلووی چاوی مردوو،
نـەء، زیـندووە!
چاوی توورەی
لە ژیر پیلووی کونکریتا
نەفرەتیکی کونکریتی
بو دواروژی هەستانەوەی
بازیان و
برایەتی
هەلگرتووە!

١٠ ی ٨٨

# جەنازە

نیشتمانچی یانی شینگێر
فرمێسکی زۆریان هەڵوەران
ـ تۆ بڵێی وەک گەڵای داران ـ
بۆ شاری دەهەزار شەهیدی ژارباران،
(گێرام درۆ بوو، بەس زۆر بوو!
گێرام هیچیشیان نەگوت بێجگە لە قسەی مەعلووم،
هەر جۆر و بۆر بوو، بەس زۆر بوو)
بەڵام ئەگەر
ئەو جەنازەیە من دیبووم،
ئەوانیش بینی بوایەتیان
گریانی درووینەیان
لێ دەبووە راست
شەپۆر و شین!
ئاخر ئەو جەنازەیە من دیم،
ناوی خۆشباوەڕی بوو
ناوی باوکی ناسیونالیسم
لە دایکێک بە ناوی
ئایین!

٣ ی ٨٩

# هەرزانی

دینار، بە نیو دیناری دوی،
روبعیکی پیر
بایی پەنجا فلسی پارە!
هەرزان و تالان
بین بەرن!
ئیستا چی هەرزانە، پارە
کی دەلی بازار گرانە؟!
هەندیک شت هەر خوراییـیە
وەرن بەرن!
مەراق لە هەرزان هەرزانتر،
هەر مفتە مفت!
ئەگەر گلیش نەدەیتەوە هەر پیت ئەدەن!
قسەی خورایی وەک خولە
دەرگای هەر حیزبیک کەیتەوە
پرە لە وشەی سوشیالیست و جەماوەر
هەتا ببەی بارت دەکەن!
بازاری عەجایەباتە

به زمانی سوشیالیستیش ناسیونالیسمت بار دەکەن
ئەوەی دەیلین نایلینەوە:
کات ناسکە!
برایەتی گورگ ومەرە
وەرە برایانە بەرە،
پارەی هەرزان
مەراقی مفت
قسەی خورایی
پیشکەشە
وەرە بەرە
بیخو، بینوشە، بیپوشە...
با توش کارت گران نەبی،
کارەکەت هەرزان بفروشە!

٧ی ٩١